پەرتووکە قەدەغەکراوەکە

نووسراوە لە ٢٠١٢/٧/١٠ لە لایەن مێژووی نوس،KRG کوردستان www.kurdistantribune.com

ئەرسەلان م.ی.
وەرگێردراوە لە ئینگلیزیەوە لەلایەن سۆران نەبی

وەک هاوڵاتیەک و دانیشتووی شاری هەولێر، وە پاش چەند مانگێک گەرانی خەست و چرو پردا، توانیم کە کتێبی بەنرخ و بە بەهای ئەیوب بارزانیم دەست بکەوێت کە قەدەغەکراوە فرۆشتنی، ناوی کتێبەکە ( بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی و ململانێی هێزی نێودەوڵەتی و هەرێمیی ١٩٥٨-١٩٧٥) ئەو کاتەی کە مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکایەتی بزووتنەوەکەی دەکرد. ئەم کتێبە حاڵی حازر قەدەغەیە لە ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە واتای لە شارەکانی هەولێر و دهۆک.

نووسین و ناوەرۆکی کتێبەکە دەری خست بۆم کە تەنها ڕاستیەکانی خستوتە بەردەست، بۆیە دەتوانم کە متمانەیەکی بێ سنوور بدەم بەم کتێبە تایبەت و بێ وێنەیە. بۆ تێگەیشتن لە مێژووی نوێی کوردستان وە هۆکارەکانی بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی بارودۆخی ئێستای کورستان، هەموو تاکێکی کورد پێویستە ئەم کتێبە بخوێنێتەوە. وە زۆریش پێویستە کە بخرێتە ناو پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکانەوە بۆ ڕێگە گرتن لە چەواشە کردنی مێژوو، لە پێناو ئەوەی کە نەوەی ئاییندەمان هەموو ڕاستیەکان بزانن دەربارەی مێژووی خۆیان.

هاوشێوەی کوردەکانی تر سەرەتای ئەزموونی خەباتم دەستی پێکرد لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان، پاشان دەست لە کارکێشانەوەی خۆم ڕاگەیاند لەو حزبەو رووم کردە حزبی سۆسیالیستی کوردستان وە پاشانیش پاسۆک، بە دوایدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان وە دواتر ئیسلامیەکان. وە بۆ کۆتایی کۆتایم پێ هێنا لە بزووتنەوەی گۆران. هەموو ئەمانە بۆ گەیشتن بە وەڵامێک کە مایەی ڕەزامەندی بێت. بەڵام بەداخەوە هیچ شتێکم دەست نەکەوت کە مایەی شایەت حاڵی بێت تەنها لە دووڕوویی زیاتر نەبێت، وە یاری کردن بە خەڵکی کورستان و زیادە ڕەوی لە بەکار هێنانی هێز وە بەرژەوەندیە تاکیەکان کە تەنها بۆ چەند کەسێکە.

لەماوەی ئەم دوو ساڵ و نیوەدا، گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گۆڕانکاریەکی قوڵ دا تێپەڕین بە ڕیفۆرم کردنەوەی داهاتووی هەرێمەکە. گۆڕانکاریەکان بوونە هۆی بنیاد نانەوەی پەیوەندی لەنێوان گەل و حکوومەتەکاندا. هەموو وڵاتەکان خاوەن مێژوو، کۆمەڵایەتی ئابووری وە کارێکتەری خۆیانن. لە پاش ڕوودانی ئەم هەموو گۆڕانکاریانە لە وڵاتە عەرەبەکانی وەک میسرو تونس و سوریاو لیبیا دا ڕووی دا، لە بەرامبەردا لە کوردستانی عێراق تەنها بەشێوەیەکی سەرپێی و کارتۆنی هاوشێوەی شتێکی دەستکردیی ڕووی دا. شتێکی بێگومانە کە سەرچاوەی حزبەکانی یەکێتی نیشتمانی کورستان، ئیسلامیەکان، سۆسیالیست، وە گۆران لە بنەڕەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە سەریان هەڵداوە.

پاش خوێندنەوەی کتێبەکەی ئەیوب بارزانی، بۆم دەرکەوت کە مێژووی گەلەکەمان هەمیشە و بێ وەستان لە درۆ دووبارە بوونەوەو دوو ڕوویی و، بەرژەوەندی تاکە کەسی و بێ کۆنترۆڵ کردنی گەندەڵی و یاری کردن بە گەل وە بە زۆر چاو کوێر کردن بە رامبەر بە پوول و پارە بووە. بێ گومان بە خستنە سەری حزبی عەشایەر گەری کە لە لووتکەدایە.

ئەوانەی کە دەبنە جێی پرسیار کردن: بۆ کوردستانی عێراق دەبێت بێ بەش بێت لە گۆڕانکاری ڕیشەیی؟ وە تا کەی هەرێمەکەمان دەبێت حوکمڕانی بکرێت لەلایەن حوکمی جەنگەڵستان وە میللەتەکەمان یاری پێ بکرێت و زەرەرمەندو ژەهراوی خوارد بکرێت بە حوکمڕانی کردنی سەرکردایەتی سیاسی ژەهراوی؟ وە ئەبێت کەی میللەتەکەمان تێ بگات کە هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئیسلامیەکان و کۆمۆنیست و سۆسیالیست و گۆران.